# کورد نە برای هەیەو نە پایزە برا. . . عەتای مەلا کەریم

(شتێکی بێمانایە گەر مەڕ بانگەشە
بۆ سودەکانی خواردنی سەوزە بکات
لەکاتێکدا کە گورگ نیازێکی دیکەی
لە کەللەدایە) .
Inge- The Reason of Things



برا و براکانمان، دۆست و دۆستەکانمان ئەو وشانەن کە ئێمەی کورد لە هەموو کەس زیاتر بەکاریان دەهێنین. من تا ئێستا هیچ دۆستێکی کوردم نەبینیوە کە لە دەوڵەتی تورک زیاتر دۆستمان بێت. ڕەنگە بە شێتم تێبگەیت بەڵام هەرچەند سەرنج دەدەم هەموو کەس وەک ئەوان دەروانێتە دۆزی کورد بەڵام کەس وەک ئەوان بە ڕاشکاوی و بێپێچ و پەنا ناڵێت من دژی کوردو ناوی کوردو ئەو هەوایەشم کە لە کوردستانەوە هەڵدەکات.
کەس پێویستی بەوە نیە کە زاراوەی براو دۆستی بۆ ڕوون بکەنەوە، بەڵام پێدەچێت زاراوەی پایزەبرا بۆ زۆرکەس نوێ بێت. لە لادێ لە وەرزی بەهارو هاویندا کە وەرزی کشتوکاڵ و لەوەڕو ئاودێرییە زۆر زوو خەڵک دڵیان لەیەک زویر دەبێت و دەمەقاڵەو هەندێک جاریش شەڕە کوتەک شتێکی نامۆ نییە. بەڵام بەدەگمەن ڕق لەیەک هەڵبگرن و کینەی دوور لەیەک بکێشن. بەهاتنی وەرزی پایز هەموو ئاشت دەبنەوەو کێشەکان بیر دەچنەوە. ئاخر ئیتر چی دیکە پێویستیان بەوەنیە لەسەر کانی و ئاوو ئاودێری شەڕ بکەن چونکە ئیتر وەرزی نەماوە. مەڕو ماڵات بە ئارەزوی خۆیان دەگەڕێن چونکە کشتوکاڵ بەسەرچووە. بەمجۆرە هەموو کەس دەبنەوە بەبرا بەڵام ئەم برایەتییە تەنها بۆ پایزو زستانەو لە بەهاردا نابەکام دەبێتەوە. من بە منالی ئەو زاراوەیەم لە پیاوێکی دراوسێمان بیست و ئەو ڕونکردنەوەیەشم بەزۆر لێهەڵهێنجا.
ئێستا کورد وەک براو دۆستی نییە پایزە براشی نییە. داشکاندن (تانازول) بکات و نەکات، دەستور سێ مانگ لە ئێران لەلای بەرگدوو بێت و دوای ئەوەش بیبەن بۆ عەرەبستان بۆ ئەوەی لەوێش پینەوپەڕۆی بکەن و ئەم هەر بڵێت خوادەکات براکانمان زویر نابن مە قبوڵمانە، ئەوان هەر نابنەوە بە پایزە براش.
ئێمەی کورد هەمیشە کاتمان ناسکەو 2500 ساڵیشە چاوەڕوانی گودۆ دەکەین. کافرو موسوڵمان، سونی و شیعە، ئەمریکی و میسری کەباسی کورد دەکەیت دەڵێن بەقوربانە نەکەن ئێراق دابەش دەبێت. باشە بۆ نەخشەی ئێراق لە ئاسمانەوە هاتۆتە خوارەوە؟ باشە بۆ کوردستان ئەوەتەی هەیە دابەش بووەو هەموویشیان بە شەرعیی دەزانن. نەگبەتییەکە لەوەدایە کە خۆیشمان بەردەوام بەسەر خۆماندا دابەش دەبین.
دەبێت مێژوو خۆی دوبارە نەکاتەوە، کەچی بۆ ئێمە هەر وەک دووبارە وایە. لەسەدامەوە بۆ جەعفەری هەمان تاس و هەمان حەمام. گرنگ ئەوەیە باسی کوردستان نەکرێت و ئەگەر بە

جەعفەری بێت ئۆتۆنۆمییەکەی زەمانەی شێخ جافریشمان پێڕەوا نابینێت. جا بۆ وا نییە، ئەوان بۆ ئەو کارە خێرانە دۆستەکانی خۆیشمانیان لەگەڵە.

شیعەکان لە زەمانی سەدامدا داماوو بەشخوراو بوون. جینۆسایدو ئەتککردن بەشی شەوو ڕۆژیان بوو. ئێمە دەمانهێنان بۆ کوردستان و لەوێ لە بن سێبەری داربەڕوو دەمان خەواندن. ئێستا ئەوان دەیانەوێت بچنە جێگای سەدام و لاسای ئەو بکەنەوە. چییان بەسەر هاتووە بەسەر ئێمەی بهێننەوە. ئەوان دەستوری ڕەشی خۆیان لەدژی ئێمە نوسیوەو ئێمەش دیارە ناچارین بە خەڵک بڵێین وەرن ئیمزای بەڵێی بۆ بکەن.

من لەسەدا سەد دڵنیام کە ئەو کەناڵە تەلەفیزیۆنیانەی کە ئێستا بە قیمەت بێت یان بە هیممەت باگەشە بۆ دەستورەکەی سیستانی و شا فەهد دەکەن، دوای پەسەند کردنی دەستورەکە دەست دەکەن بە سازدانی مێزگردو سیمینار بۆ سیاسەتمەدارانی کورد بۆ ئەوەی ئەو دەستورە بەنەفرەت بکەن، ئەی چی دەبێت ئەگەر ئێستا یەکێکیان بڵێن کورە مەچن و قبوڵی مەکەن تا ئەو کاتەی بە ڕونی و ڕاشکاوی مافەکانتان دیاری دەکات.

چارەنوسی کورد لە ئێراقی عارەویدا لەوە باشتری لێچاوەڕوان ناکرێت، کە ئەگەر ڕاستبێت، پاسەوانەکانی جەعفەری پەلاماری پاسەوانانی کۆماری بدەن و وەک داگیرکەر و دوژمن لەگەڵیان بجولێنەوە.

من بە پێچەوانەی زۆر کەسەوە زۆر ڕقم لە دەولەتی تورک نییە کە دەڵێت نابێت فرۆکە بە ئاڕمی کوردستانەوە بەسەر خاکی ئێمەدا بفرێت. چونەک هەرچەند سەرنج دەدەم کەس نابینم لە جەوهەردا هەمان بۆچونی نەبێت لەسەر کورد، بەڵام کەسیش نییە وەک ئەوان بە ڕاشکاوی و بەبێ سێودوو دژی کورد بێت. من بەپێچەوانەی زۆر کەسەوە زۆر گلەیی لە پاسەوانەکانی جەعفەری ناکەم کە پەلاماری گاردەکانی مام جەلال دەدەن چونکە ناهەقیان نییەو گەر مام جەلال نیازێکی داگیرکەرانەی نەبێت چی دەکات لە بەغای پایتەختی عارەوان و بەهیوای چییە؟

parsendow@hotmail. com
www. parsendow. tk